The Centre of Halabja
*Against Anfalization and Genocide of the Kurds*
*C.H.A.K*
www.chak.info

Nawendî Helebce
*Dij be Enfalkirdin u Cînosaydî Gelî Kurd*
*ÇAK*
contact@chak.info

# پشتگیری ناوەندی چاك بۆ گەنجانی پاشماوەی ئەنفالەکان لە گەرمیان

**گەنجانی خۆشەویستی پاشماوەی ئەنفال لە گەرمیان بڵاڤۆکێکیان لە ساڵ یادی شالاوە بەدناوەکانی ئەنفال دەرکردووە , وێڕای باسکردنی لە ژیانی پڕ تراژیدییان لە ماوەی 19 ساڵی ڕابردوو , داوا دەکەن بەرپرسانی کورد لە ڕۆژی 14–4 بەشداری یادی کارەساتەکەیان نەکەن , هاوکات دەسەڵاتداریەتی ناحیەی ڕزگاریش ڕێگریان بۆ پێك نەهێنن لە یادکردنەوەی ئەنفال لە بەرواری 14–4 .**

**ئێمە وێڕای هاوخەمیمان لە گەڵ ئێوەی بەجێماوەکانی ئەنفال بە گشتی وە گەنجانی ناحیەی ڕزگاری بە تایبەتی , دەزانین ژیان لە ناو بەردەڵان و برسێتی و نەبوونی چەندە پڕ ئێش و ئازارە , لەوەش سەختتر بونی جەلادانی کەس و کارتان لە ناوتان , ئەوانەی لە ملەسوورە دەیان هەزار لە خۆشەویستانتانیان بەرەو بیابانی مەرگ برد .**

**هاوکات هەر لێرەدا ڕایدەگەیەنین , بە هەموو توانایەکمانەوە پشتگیری لەداواکارییە ڕەواکانتان دەکەین , داواتان لێدەکەین , با هەموومان پێکەوە لەم یادە شوومە داوا بکەین :**

- **تاوانکاران لە شوێنی ئەنجامدانی تاوانەکانیان سزا بدرێن , بێشك هەڵەبجە و ڕزگاری و شۆڕش شوێنی گونجاو و لەبارن بۆ ئەوە .**
- **مۆنمێنتی تاوانبارانی ئەنفال لە ملەسوورە دروست بکرێت , ئەو شوێنەی دەیان هەزار کوردی لێوە بەرەو مەرگ بردرا .**
- **پێویستە تەواوی تاوانبارانی ئەنفالکردنی خەڵکی گەرمیان دادگاییبکرێن .**
- **پێویستە هەموو ئەوانەی لە دادگای ئەنفال سکاڵایان لێکرا , دادگاییبکرێن , ناوی هەموویان لە لایەن چاکەوە پوخت کراوە و ئامادەکراوە .**
- **پێویستە مۆنمێنتی ئەنفال و مەزاری قوربانیانی ئەنفال , لە چەقی قورسایی تاوانەکە بێت , ڕێگە نەدەین بە هەر ناو و بەهانەکەیەوە ئەنفالیشمان لیٚ زەوت بکەن .**
- **نابێت جیاکاری لە نێوان شەهیدانی حیزب و گەل , بەرپرس و هاووڵاتیان بکرێت .**
- **پێویستە لە دادگا دان بەوەدا بنرێت دەوڵەتی عێراق ئەنجامدەری ژینۆسایدە , هاوکات پێویستە وەك دەوڵەت داوای لێبوردن لە گەلی کورد بکەن .**

**دوبارە ڕایدەگەیەنیینەوە , هەست و بیر و توانامان لەگەڵ ئێوەدایە , مل کەچین لە ئاست قوربانیەکانتان , ئامادەین بۆ پشتگیری لە فەرمان و داواکارییەکانتان .**

**ناوەندی چاك**

**2007–4–12**